# کورد و دەوڵەت

بەختیاری شەمەیی

22.05.2015

١

- هەتا نەبینە خاوەنی ئەم جۆرە پارتە و ڕێکخستنە شۆڕشگێڕە، بەتەمای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی مەبن.

لە سەرەتا بنچینەییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەوە:

- ئەمە سەرەتایەکی بنچینەییە: نەتەوەیەک کە نیشتمانەکەی داگیر و دابەش کرابێت و ژێردەستەی ڕەگەزپەرستان و زۆرداران و تاڵانچییەکانی نەتەوە باڵادەستەکان بێت، نەتەوەیەک کە خاوەنی ئازادیی نەتەوەیی و دەوڵەتی سەربەخۆی نیشتمانیی خۆی نەبێت، لەلایەن دەوڵەتانی دیکتاتۆر و زۆردار و ڕەگەزپەرستانەوە بچەوسێنرێتەوە و هەمیشە لەبەر شاڵاوی تواندنەوە و نەماندا بێت، نەتەوەیەک لەم هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا بێت، پێویستی بە هەبوونی پارتێکی شۆڕشگێڕی بەدیسپلینی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز هەیە کە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتمان لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکی دیکەوە دابنێت و بە هیچ شێوەک هیچ سازان و ڕێکەوتنێک لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەگەڵ هیچ دوژمن و داگیرکەرێکدا نەکات. پارتێک بێت هەڵگری بیروباوەڕ و پەیام و درووشمی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە و مرۆڤپەروەرانە بێت و لە هەموو ڕەگەز و ئاستەکانی کۆمەڵگەدا، لە دڵسۆزترین و هۆشیارترین و تێکۆشەرترین و کۆڵنەدەرترین ڕۆڵەکانی پێکهاتبێت و باوەڕی تەواویان بە ڕەوایی مەسەلەکەیان و بە خەباتی شۆڕشگێڕانەیان و بە سەرکەوتنی بزووتنەوەکەیان هەبێت. تەنها هەر پارتێکی لەم شێوەیە کە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا هەبێت و لەسەر ئەم بنچینانە پێکهاتبێت، بەم ڕێبازە ڕاست و ڕەوا و شۆڕشگێڕانەیە، دەتوانێت هەموو جەماوەر بەرەو کۆڕی تێکۆشان سەرکردایەتی بکات و بەرەو ئازادیی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نیشتمانییان بەرێت و داهاتوویەکی پڕ لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و ئاشتی و خۆشگوزەرانیان بۆ مسۆگەر بکات.

٢

- سەرکردە و دەوڵەت.

بە بەراورد لەگەڵ سەرکردەکانی ڕابردوودا، وەکو، نەمران: بەدرخان و میری سۆران و شێخ مەحموود و قازی محەمەد، کە بەو بێ هێزی و کەمتواناییەوە، لەو هەلومەرجە سەخت و نالەبارەی ئەو سەردەمانەدا، توانیان دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنن و بەڕێکوپێکیش بەڕێوەی بەرن، ئەمانەی ئێستا، تەنها هەر سەرکردەی حیزبین و هەر دڵسۆزی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن و ئەو دڵسۆزی و ئازایەتییەیان تێدا نییە کە بوێرن دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنن. ئەوە 24 ساڵە وڵاتێکی دەوڵەمەند و ئازادکراو کەوتۆتە بەردەستیان، کەچی نەیانتوانیوە یەک هەنگاو بەرەو دروست بوونی دەوڵەتی کوردی بۆ پێشەوە بچن! هەر بۆ پاراستنی کورسی و دەسەڵات و بەردەوام بوونی خۆشگوزەرانیی ژیانی خۆیان کات دەکوژن و هیچیترا!.

٣

کێن ئەوانەی کە دەتوانن دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ڕابگەیەنن!؟

- ئایا شەرمەزاری نییە بۆ ئێمەی کورد کە 40 ملیۆن مرۆڤین، داوای سەربەخۆیی و ئازادی و مافە رەواکانی خۆمان لە دەوڵەتێك و میللەتێکی دیکە بکەین!؟ ئەی خۆمان چین و چ کارەین، بۆچی ناوێرین و ناتوانین دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان رابگەیەنن، خۆ هیچ کەس و لایەنێك و دەوڵەتێکی بێگانە دەستی نەگرتوین!؟ راستە، چەند دەوڵەتێک دوژمنمانن، بەڵام خۆ نابێت و ناکرێت هەتا هەتایە هەر چاوەروانی چرای سەوزی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت بکەین!؟

- دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، خەون نییە و کارێکی نەکردەنیش نییە، بەڵام بە پلان و بەرنامەی ژیرمەندانە و ریالیستانە پێکدەهێنرێت و پێویستی سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەری ئازا و دڵسۆز و لەخۆبووردوو هەیە.

- ئەگەر نەتەوەی کورد خاوەنی سەرکردە و سەرکردایەتییەکی ژیر و ئازا و دڵسۆز و لەخۆبووردوو بووایە، لەو چل ملیۆن کوردە، تەنها یەک ملۆنی بەس بوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، دەوڵەتێک بە یەک ملۆن مرۆڤ دروست نەکرێت، بە چل ملۆنیش دروست ناکرێت.

٤

چەک و دەوڵەت.

چەکدارکردنی چەند لایەنێکی دەسەڵاتداری کوردستان، نیشانەی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی نییە. دەوڵەت هەر بە چەک دروست ناکرێت، چەک و هەموو ئامرازەکانی بەرگری و سەربازی، زۆر گرنگ و پێویستن بۆ بەرگری لەخۆکردن و ئاشتی و ئاسایشی وڵات، بەڵام چەک هەموو شتێک نییە. بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆی ئێمەی کورد کە خاوەنی سوپایەکی نیشتمانیی راهێنراو و پەروەردەکراو نین، دەبووایە لە ماوەی ئەم ٢٤ ساڵەی ئازادی و خۆبەڕوەبردنەی باشووری کوردستاندا ، هیچ نەبوویایە بەو بوودجە تۆکمەیەی کە هاتە دەستی ئەو لایەنە دەسەڵاتدارانەوە، چەند کارگە و پڕۆژەی بەرهەمهێنەری نیشتمانیی دابمەزرێنرانایە و تەنگژەی هاوردەکردنی هەموو پێداویستییەکانمان لە دەرەوەڕا چارەسەر بکردایە و ئەو لەشکرە بێ کارەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، بکرایە بە لەشکرێکی چالاک و بەرهەمهێنەر. لەم ٢٤ ساڵەدا، دەسەڵاتداران و پارتە دەسەڵاتدارەکانمان، جگە لە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و ئامرازە کارەبایی و ئەلەکترۆنییەکان و خۆراك و خواردنەوەی خراپ و ماوەبەسەرچووی وڵاتانی ناوچەکە، جگە لە مۆڵ و هۆتێل و باڵەخانە دروستکردن، جگە لە خۆسەرمایەدارکردن و رابواردن و خۆشگوزەرانیی خۆیان، ئیتر بیریان لە هیچ پڕۆژەیەکی بەرهەمهێنان و گەشاندنەوەی ئابووریی نیشتمانی نەکردەوە. ئەو رێژە کەمە بەرهەمە کشتوکاڵییە ناوخۆییەی کە هەشبوو، ئەوەشیان نەهێشت و زۆربەی کرێکاران و جووتیارانیان کرد بە خانەنشین و مووچەخۆر و مووفتەخۆری بێ بەرهەم. لە هەموو باشووری کوردستاندا ٢٤ کارگەی تێدا نییە کە بەرهەمهێنەر بێت و بەشێک لە پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەستەبەر و مسۆگەر بکات، جگە لەم کێشە گرنگە چارەسەرنەکراوانەش، زۆربەی شوێنە گشتییەکانی گەشتیاریی وڵات، کۆمپانیا بێگانەکان بەڕێوەی دەبەن. هەتا ئێستا نە لەشکری نیشتمانیمان هەیە و نە بەرهەمی خۆماڵیی نیشتمانیمان هەیە و نە سیستمی بانکی نیشتمانیمان هەیە و نە ئابووری و کشتوکێڵی نیشتمانیمان هەیە، ئیتر دەوڵەت، چۆن و بەچی دروست بکەین و چۆن بەڕێوەی بەرین و چۆن بیپارێزین!؟

٥

- دەوڵەت و یاسا و دادگە بۆ باشووری کوردستان پێویست نین!

ئاشکرایە ئەو دەسەڵاتدارێتی و فەرمانڕەوایەتی و هێزە رامیاری و چەکداری و کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانیانەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا هەن، بۆ بەرپرسانی دەسەڵات و بۆ بەرپرسانی هێزە رامیارییە دەسەڵاتدارەکان سەروزیادیەتی. بەرپرسانی سیاسی، میللەتێکی

دواکەوتوو و گێرایەڵ و وڵاتێکی ئازادکراو و دەوڵەمەندنان لەبەردەستدایە. بەئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو شتێکدا دەکەن. سامانی سەرزەوی و ژێرزەویی و ناردەی دەرەوە دەکەن و دەیفرۆشن. هەرشتێک لە بەرژەوەندیاندا بێت لە دەرەوەی کوردستان هاوردەی دەکەن و هەر خۆیشیان باڵادەستن بەسەر بازرگانی و بازاڕ و نرخ و هەرزانی و گرانیی شتومەک و کەرەستە هاوردەکاندا. لەهەمان کاتیشدا هاوبەش و هاوپشکن لەگەڵ هەموو بارزرگان و سەرمایەدارە گەورەکاندا. هەر کەس و کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنێکیش لەگەڵیاندا نەبێت، لەدەرەوەی بازنەی گرنگی و بایەخ و بەرژەوەوەندییەکانی ئەواندایە، یان ئاشکراتر بڵێین: نەیار و دوژمنە. بۆ نموونە، زۆر رکوکینەدارن بەرامبەر زۆربەیەتیی کورد و کوردستانیانی هەندەران، جگە لەو کەس و لایەنانەی کە سەر بە ئەوانن و گوێرایەڵیانن. چونکە ئەم هاونیشتمانییە دوورە دەستانە گوێرایەڵ و فەرمانبەرداریان نین و کۆمەڵە کەسان و لایەنێکی ئازاد و سەربەخۆن. بەڵام لەناو وڵاتدا، کێیان بەدڵ نەبێت، یان دەمکوتی دەکەن، یان زیندانی و ئەگەر پێویستیش بکات ئەشکەنجە و تێرۆری دەکەن. پاشان بە سیناریۆ و شانۆگەریەکی یاسایی، دیزەبەدەرخوونەی دەکەن. با رەخنەگران و بەرهەڵستکارانیش لەدەرەوی دەسەڵاتی ئەوانەوە هەر رەخنە بگرن و لاپەڕە رەش بکەنەوە، ئەمان هیچ گوێیان لەو رەخنانە نییە و هیچ بایەخ و گرنگییەکی پێنادەن، چونکە دڵنیان بۆیان لواوە و بۆیان دەچێتەسەر، چی لە بەرژەوەندییاندا بێت، هەر ئەوە دەکەن. نە یاسا هەیە و نە یاساش سەروەرە. خۆیان بکوژ و پارێزەر و دادوەر و دادگە و فەرماندەر و هەموو بڕیاردەرێکن. ئەمە بۆ ئەمان لە دەوڵەت و سەربەخۆیی باشترە. ئەگەر باشووری کوردستان دەوڵەت بووایە، دەبووایە وەکو ئەندامێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، واژۆی هەموو ئەو یاسا و ڕێسا و پرینسیپانەیان بکردایە کە پێویست بوو ئەنجامی بدەن. دەبووایە هەمیشە پابەند بوونایە بە یاسا و رێنماییەکانی ئەو ڕیکخراوە و بە یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە. ئەوان ئەمەیان ناوێت و لە بەرژەوەندییاندا نییە. ئاشکرایە ئەمە دەسەڵات و بازرگانی و پێوەندی و بەرژەوەندییەکانیان سنووردار دەکات. ئێستا بە فەڕمی میللەت و وڵاتێکیان لەبەردەستدایە و بە ئارەزووی خۆیان چۆنیان بوێت وا دەڵێن و وا دەنووسن و وا دەکەن. هیچ کەس و لایەنێکی ناوخۆیی و دەرەکی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات. بە ئارەزووی خۆیان بە ئازادانە گەشتی هەر شوێنێک پێویست بێت دەیکەن و لە هەموو شوێنێکیش پێشوازیی گەرمیان لێدەکرێت. لە ئاستە جیاوازەکاندا هەموویان وەکو ئاغا و بەگ و میر و پاشا و سکرتێر و سەرۆک و دەسەڵاتدار هەڵسوکەوت دەکەن و بە خۆشگوزەرانی ژیان بەسەر دەبەن. لەشکرێک پاسەوان و پێشخزمەت و نووسەر و رۆژنامەنووس و راگەیاندنکاری گوێرایەڵیان لەبەردەستدایە و ئەمانە بە دڵسۆزییەوە کاریان بۆ دەکەن و لەخزمەتیاندان. هەموو رادیۆ و کەناڵە تیڤییەکان و گۆڤار و رۆژنامەکانیش هەر سەر بەمانن و ئەمان دروستیان کردون و دەیانژیێنن و بە ناچاری هەر دەبێت لە خزمەتی ئەماندابن. چونکە لەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەماندا، میدیا و راگەیاندنی بێلایەن و ئازاد و سەربەخۆ، بوونی نییە. ئەم بەرپرسە سیاسییە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانە، لەڕووی ئاستی ژیانەوە، لە هەموو هاونیشتمانییەکیتر باڵاتر و لەپێشترن. لەڕووی رابوواردن و خۆشگوزەرانی و دەسەڵات و سەرمایەدارێتیشەوە، لە هیچ شتێکیان کەم نییە. ئیتر چیتریان بوێت، دەوڵەتی کوردی و کوردستانی چیتر بۆ ئەمان دەکات؟. هەربۆیە ئەوەی بەلایانەوە پێویست و گرنگ نەبێت، دەوڵەتی کوردی و کوردستانییە!.



- کۆمەڵگە بەم شێوەیە بەڕێوە نابرێت.

ئەم تەلاری دەسەڵاتەی باشووری کوردستان بنچینەکەی داڕزیوە، ئەگەر سەرلەنوێ بنچینەکەی دانەڕێژرێتەوە، داهاتووی هەر رووخانە.

چۆن وڵات وا بەڕێوە دەبرێت! لەماوەی ٢٤ ساڵدا چەندین هەزار بازرگان و سەرمایەداری میلیاردێر و میلیۆنێر بە بێ هیچ زەمینەیەکی مێژوویی بازرگانی و بەبێ هیچ پێشینەیەکی بازرگانیی یاسایی و رەوا و دادپەروەرانە،، پەیدا بین و بەرامبەر ئەمەش، چەند لەشکرێک لە هەژاران و بێکاران و کاسبکاران و دەستگێران و کرێچییەکان، ژیانێکی مەمرە و بژی بگوزەرێنن. مووچەی ساڵێکی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش و مامۆستایان و فەرمانبەران، کە ساڵانێکی زۆرە خزمەتی میللەت دەکەن، بەرامبەر مووچەی یەک مانگی بەرپرسێکی حیزبی و بەرپرسێکی دەسەڵات و ئەندام پەرلەمانێک بێت. مانگێک مووچە هەبێت و سێ مانگ نەبێت. بەڵام بەرپرسان و نەوەکانیان لە خۆشترین و باشترین و بەرزترین ئاستدا ژیان بگوزەرێنن! ئەمە تەنها هەر وەک یەک نموونە، ئەگەر بمانەوێت درێژە بە نادادپەروەرییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بدەین، دەتوانین هەزاران نموونەی دیکە ریز بکەین. ئەمڕۆ میللەت تەواو هۆشیار بووەتەوە و دەستی هەموو کەسان و لایەنە گەندەڵ و دز و تاڵانچیەکانیش ئاشکرا بووە. دڵنیابن، ئەنجامەکەی باش نابێت بە کارەسات دوای کارەسات کۆتایی دێت، زۆر بەداخەوە.

کۆمەڵگە پێویستی بە گۆڕانکاری بنچینەیی و چاکسازیی گشتییە لە هەموو بوارەکاندا. میللەت ماندوو و شەکەت و توورە و بێزارە، با ئەو پەندە بەسەر خۆماندا جێبەجێ نەبێت کە دەڵێ: جام پڕ بوو لێی دەڕژێت. جامی میللەت زۆر گەورە و ترسناکە، کە جامی میللەت پڕ بوو دەبێتە لافا و زریان و هەموو شتێک رادەماڵێت!

ئێستاش نەچووە بچێت، تکایە با بە هەموو لایەکمان، فریای ئەمڕۆ و داهاتووی باشووری کوردستان بکەوین.

٧

دەوڵەتمان بۆچییە!؟

- با پێش ئەوەی بیر لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بکەینەوە، با بە رابووردووی خۆماندا بچینەوە و بیرکردنەوە و ژیانی خۆمان بگۆڕین و چاکی بکەین.

- با پێش ئەوەی دەوڵەتی کوردی رابگەیەنین، خراپترین و دوواکەوتووترین و زیانمەنترین دیاردەی دروستکراو نامۆی ئەمڕۆی نێو کۆمەڵگەکەمان چارەسەر بکەین کە ئەوانەش، ئیسلامچێتی و ئیخوانچیتی و تەعریبچیێتیین کە باند و گروپ و کەسە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان نوێنەرایەتییان دەکەن.

- با پێش ئەوەی دەوڵەتی کوردی رابگەیەنین، لەشکرێکی نیشتمانیی پێشکەوتوو و پەروەردەکراو و تەیار و چەکدار دروست بکەین تا بتوانین ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەمان بپارێزین.

- با پێش دروستکردنی دەوڵەت، کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و شارستانییانە پێکبهێنین کە کچان و ژنانی کورد و کوردستان تێیدا ئازار و ئەشکەنجە نەدرێن و زیندانی نەکرێن و نەسووتێنرێن و خۆیان نەسووتێنن و تێرۆری کەسایەتی و جەستەیانی تێدا نەکرێت. با کۆمەڵگەیەک دروست بکەین کە ئازادییە دیۆمکراتییەکان و ئازادییە تاکەکەسییەکانی تێدا پێڕەو بکرێن، با یاسا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدا سەروەر بێت.

ئێمەی کوردی باشوور ئەوە 24 ساڵە رێکەوتی مێژوو، دەرفەتێکی مێژوویی زێرینی بۆ هێنایینە پێشەوە کە بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنین ئێمەیش نەتەوەین و شایستەی ئازادی و هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانین، بەڵام مەخابن لەو ئەزموونەدا سەرکەوتنمان بەدەست نەهێنا و

بووین بە خاوەنی خراپترین و گەندەڵترین سیستمی خراپی خۆبەڕێوەبردن. ئەگەر لەماوەی ئەم 23 ساڵە 2 نەوەی پێشکەوتوو و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرمان پەروەردە بکردایە، ئێستا دەمانتوانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان رابگەیەنین، بێگومان دەوڵەت هەر بە پڕیاری ئەم و ئەو دروست نابێت، دەبێت کەرەستەکان و توخمەکانی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتەمان هەبێت، ئەگەر ئێمە بمانتوانیبایە خۆمان بکردایە بە خاوەنی ئەو کەرەستە و توخمانە، ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیشمان رابگەیاندایە، خۆ دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق ناتوانن، لەم سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و جیهانگیرییەدا بە بە بەچاوی هەموو مرۆڤایەتییەوە 5 میلۆن کوردی باشوور کۆمەڵکوژیی بکەن!

ئێمە دەوڵەتمان بۆچییە، مەگەر ئەوە 24 ساڵە بە کردەوە ئازاد نین و خۆمان بەڕێوە نابەین و نیمچە سەربەخۆ نین! ئەی چی مان کرد؟ بووینە خاوەنی چەند هەزار میلۆنێر و میلیاردەرێک، بووینە خاوەنی هەزاران هەزار فەرمانبەری مووچەخۆری بێ بەرهەم، بووینە خاوەنی چەند نەوەیەکی دوواکەوتوو و بێ هەست و هۆشی نەتەیەپەروەری و نیشتمانپەروەری، بووینە خاوەنی چەند پارت و بنەماڵەیەکی میلیاردێر و فەرمانکار و زۆردار، بووینە خاوەنی سەرزەمینێکی بێ کشتوکاڵ و بێ بنەمای ئابووریی نەتەوەیی و نیشتمانی، بووینە خاوەنی هەزاران هەزار خانەنشینی بێ رابردوو و بێ بەرهەم، بووینە خاوەنی لەشکرێک لە مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگواز و فەقێ و خوێندکاری ئایینیی تەعریبچی و دژ و دوژمن بە هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان، ئەم لەشکرە رەشە دواکەوتووە پووچپەرستە، هەر هەموویان دژ و دوژمنی پێشکەوتن و شارستانێتین،دژی مارشی نەتەوەیی ئەی رەقیبن، دژی ئاڵای کوردستانن، دژی جلوبەرگی جوان و رەسەنی کوردەوارین، دژی مەلەوانگە و سەماگە و شانۆ و وەرزش و تەنانەت وێنەگرتنیش!؟ ئەمە بارودۆخیی راستی و ریالیستانەی ئەمڕۆی کۆمەڵگەکەمانە!؟

باشە، ئەگەر دەوڵەتی کوردی هەر وەکو ئەم ئەزموونەی ئەم 24 ساڵەمان بێت و هەر ئەم پارت و سیاسەتپیشە و دەموچاوانەبن هەر ئەمان دیسان بەڕێوەمان ببەنەوە و وەکو رابووردوو لەو دەوڵەتە سوودمەند ببنەوە، ئیتر ئەو دەوڵەتە کوردییە دەبێتە شتێکی نامۆ و زیادەیە و میللەتی کورد ئەو دەوڵەتەی بۆچییە!؟